# کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لە سەر گەنج
# توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە چاکسازی /گەورانی سلێمانی

# آثار المخدرات على الشباب
# دراسة ميدانية في إصلاحية السليمانية للبالغين

# Effects of drugs on young peopleA field study in a correctional facility for adults / men in Sulaymaniyah

**ئارام ئەسعەد عبدالرحيم [١]، واحدة حمەویس نصرالله [٢]**
[١،٢] بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی ، شاری سلێمانی ،هەرێمی کوردستان ، عێراق
Corresponding author's e-mail: Wahida.wais@univsul.edu.iq

**پوختە**

دیاردەی بەکارهینان گێرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، دیاردەیەکە جیهانی ، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا تەشەنەی کردووە کە هەرێمی کوردستانیش لەم دیاردە جیهانییە بێبەش نییە، بە تایبەتی گەنجان و لاوان بە رێژەیەکی زۆر ئالودە مادده هۆشبەرەکان بوون کە ئەمەش زەنگی مەترسیدارە لە سەر داهاتووی کومەڵگای کوردی و تیکچوونی شیرازی خێزان، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە هەوڵدانە لە سەر زانینی کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لە سەر گەنج . ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی چەندایەتییە و میتۆدی بەکارهاتوو بریتییە لە میتۆدي وەسفی لە (رێگای رووپێوی کۆمەڵایەتی)یە،هەروەها میتۆدی مێژووی بەکارهاتووە، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم سزادراوانی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی گەوران سلێمانی جۆری نموونە ناهەرەمەکی مەبەستدار، قەبارەی نموونەی ئەم توێژینەوە (٦٥) سزادراو بووە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران سلێمانی ، کە لە(٣٠٪)سزادراوان وەرگیراوە لە کوی (٢١٢) سزادراو کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ تا ٣٤) کە گەنجن ، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش فۆرمی پرسیارنامە بەکارهاتوو. گرنکترین دەرئەنجامەکانی بریتییە لە: خێزان زۆرتر لە هەمووکەس دەکەوێتە ژێر کاریگەری زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان و هەڵە وشانەوەی خێزان. کاریگەری هاوڕێ خراپ وایە کردووکە زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەکە کە پێیان وایە کە لە رێگای هاوڕی وە فێری مادە هۆشبەر بوون. کاریگەری بەکارهێنانی بەردەوامی ماددەی هۆشبەرکان بووەتە هۆی نەمانی هیوا و ئاوات و تێکشکاندنی ئیرادە لە لای بەکارهێنەر. جۆری ماددەی کیمیایی یان دەستکردەکان وەک (شیشە،کریستاڵ) لە ناو گەنجاندازۆر بەکاردێت کە ئەمەیش کاریگەری گەورە کردووتە سە لایەنی جەستەی و دەروونی بەکارهێنەر. ژینگەی ناوچەکە وشوێنی جوگرافیایی کاریگەری گەورە هەیە لە سەر بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان کە رۆژبە رۆژ روو لە زیاد بوونە.

**وشە کلیلیەکان :** گەنج ، مادده هۆشبەرەکان ، ئالودە بوون ، ئالودە بوو.

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10538 |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٣/١٦ \| رێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢٤ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | Wahida.wais@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٤ م.ی.ئارام ئەسعەد عبدالرحيم ،پ.ی.د. واحدة حمەویس نصرالله ، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**ملخص:**

يعتبر ادمان المخدرات ظاهرة عالمية انتشرت في معظم دول العالم ومنها اقليم كوردستان ، وخصوصا الشباب مدمنون على المخدرات وهو ما يشكل إنذارا خطيرا على مستقبل المجتمع الكردي وتدهور الانسجام الأسري. تهدف هذه الدراسة إلى التحقيق في آثار المخدرات على الشباب. هذا البحث هو بحث كمي ، والطريقة المستخدمة هي المنهج الوصفي التحليلي لـ (منهج المسح الاجتماعي) ، وكذلك الطريقة التاريخية المتبعة ، وقد حكم عليه في إصلاحية السليمانية للكبار ، والتي تم أخذها من (٣٠٪) من من اصل (٢١٢) سجينا تتراوح اعمارهم بين (١٨ الى ٣٤) من الشباب. أهم النتائج هي: تتأثر الأسرة بأضرار المخدرات والتفكك الأسري أكثر من أي شخص آخر. تأثير الأصدقاء السيئين الذي يعتقد معظم المشاركين في البحث أنهم تعلموا المخدرات من خلال الأصدقاء . تسبب تأثير تعاطي المخدرات المستمر في فقدان الأمل والرغبة وهزيمة إرادة المستخدم. تستخدم الكريستال على نطاق واسع بين الشباب ، مما له تأثير كبير على الجوانب الجسدية والعقلية للمستخدم. لبيئة المنطقة وموقعها الجغرافي تأثير كبير على تعاطي المخدرات الذي يتزايد يوما بعد يوم.

**الكلمات المفتاحية:** شباب ، مخدرات ، إدمان ، مدمن.

## Abstract:

Drug addiction is a global phenomenon that has spread in most countries of the world, including the Kurdistan Region. Especially young people are addicted to drugs, which is a dangerous alarm for the future of Kurdish society and the deterioration of family harmony The main purpose of this study is to investigate the effects of drugs on young people. This research is a quantitative research and the method used is the descriptive analytical method of (social survey method), as well as the historical method used. He was sentenced in the Sulaimani Correctional Directorate for Adults, which was taken from (٪٣٠) of the prisoners out of (٢١٢) prisoners aged between (١٨ to ٣٤) who are young. The most important consequences are: The family is more affected by the harms of drugs and family breakdown than anyone else. The influence of bad friends that most of the research participants believe that they learned drugs through friends. The influence of continuous drug use has caused the loss of hope and desire and defeat the will of the user Artificial objects such as glass and crystal are widely used among young people, which has a great impact on the physical and mental aspects of the user. The environment and geographical location of the region has a great impact on drug use, which is increasing day by day.

**Keywords :** Youth, Drugs, Addiction, Addicted.

## پێشەكی:

دیاردەی ئالودە بوون دیاریدەیەکی پرمەترسی گەورەیەو کێشەی زۆری دەروونی و ئابووری و كۆمەڵایەتی بەرهەم هێناوە بە ڕادەیەك كە ماددە هۆشبەرەكان پەلاماری زیندوترین و چالاكترین توێژی كۆمەڵگا دەدەن كە توێژی گەنجانن، كە هەر لە سەرەتاوە، ئومێد و خواستەكانیان زیندە بەچاڵ دەكەن و لە كەناری نائومێدی و ڕەشبینیان نزیكیان دەكاتەوەو كەسی ئالودە بوو لە ڕاوچیەوە دەكەنە نێچیری خۆیان.

ئالوودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەكانەوە یەكێكە لە دیاردە قیزەونەكانی كۆمەڵگا، كەبە ڕێژەیەكی زۆر گەنجان پێوەی دەناڵێنن و هەرێمی كوردستانیش بە دەر نییە لەو مەترسیەی كە بە پێ ی ئەو ئامارانەی كە لەم ساڵانەی دوایدا تۆمار كراون وە بە پێی دواین ئامارەی بەرێوبەرایەتی گشتی نەهیشتنی مادەهۆشبەرەكان لە ریكەوتی( ٢٠٢٢/٦/٢٦) بە ژمارە(٣٦٠٧ )لە شەش مانگ سەرەتایی ساڵی(٢٠٢٢) (٩٩٩) تومەتبار دەستگیركراون كە(٦٨٢)كەسیان سزادراون و(٣٣٨ ) كەسیان دۆسیەكەیان یەك لای نەبوتەوەی و(٤٥) كەسیان ئازارد كراون كە (١٣٢كیلۆو ٧٢گرام) مادە هۆشبەریان پی بوو بە ئەوانەی كە دەست بەسەر كراون رێژەی لە( ٦٥٪) لە تەمەنی نێوان( ١٤بو ٣٣)ساڵی دایە كە ڕێژەیەكی بەرچاوی بەر گەنجان و لاوان كەوتووە، و ئەمەیش ئەو دەگەینێت كە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەكار هێنانی ماددەی هۆشبەر لە بەرزبوونەوەدایە، چ ئەوانەی ئالودە بوون و چ ئەوانەی بازرگانی پێوە دەكەن (راگەیاندنی بەریوەبەرایەتی نەهیشتنی مادە هۆشبەرەكان،٢٠٢٢).

## بەشی یەكەم: چوار چێوەی گشتی توێژینەوەكە و چەمكەكان توێژینەوە هاوشێوەكان

### باسی یەكەم : چوار چێوەی گشتی توێژینەوەكە

#### ١ - كێشەی توێژینەوە

لە گەڵ فراوانبوونی بازرگانیكردن بە ماددەی هۆشبەرەكانەوە لایەنە سیاسیەكان و ڕۆشنبیرەكان لە ئاستییدا كەمتەرخەمن لە كاتێكدا مەترسیدارترین دیاردەیە و هەرەشەیە بۆ تێكچوونی شیرازەی خێزان و دواكەووتنی كۆمەڵگا، تێكچوونی دۆخی ئاسایشی عێراق و هەرێمی كوردستان ڕێگە خۆشكەربووە بۆ بازرگانیكردن بە ماددەی هۆشبەرەكانەوە وبڵاووبونەوەی لە ناو گەنجاندا، بە تایبەتی ئیستا لە ناو چین و توێژەكانی لاوان و قوتابیان و مێرد منداڵاندا روو لە زیاد بوون دەكات وئەو ماددانەی كە زۆر بەكاردەهینرێت و بازرگانیان پێوە دەكریت لە ناو چینی گەنجان لە هەرێمی كوردستاندا(حەبی ترامادوڵ، شیشە، هیروئین و كریستاڵ و ئەمیفاتین و تریاك) و زور جۆری تر كە بە كاردەهێنرێن. ماددە هۆشبەرەكان یەكێك لە ترسناكترین ماددەن لە جیهاندا كە كاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر جەستەی مرۆڤ هەیە لە ماوەیەكی كەمدا گەنج بێهێز دەكەت و كاریگەری گەورە لە سەر جەستەی مرۆڤ دەبێت و ڕەنگی دەگۆڕێت و زامی گەورە لە سەر جەستەی دروست دەكات و تووش بوو زۆر بە زەحمەت دەتوانیت وازی لێ بهینێت. ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەكانەوە لەلایەنی پزیشكیەوە بە نەخۆشییەكی مێشكی دادەنرێت و دەبێتە هۆی گۆڕێنی پێكهاتە و شێوازی كاركردنی میشك و ڕەفتار و بەرزبونەوەی فشاری خوێن و بەرگری لەش دژی نەخۆشی لاواز دەبێت و توانای نامنێت و توشبوون بە نەخوشی ئایدز لە ڕێی بەكارهێنانی دەرزی پیسەوە جگە لەوەی زیانی تەندروستی و زیانی كۆمەڵایەتی و ئابووری لێدەكەویتەوە(دانش،١٣٨٤: ١٧٨). لە هەرێمی كوردستانیش مەترسیی بە كار هێنانی ماددەی هۆشبەر تادێت زیاتر دەبێت. پرسیاری سەرەكی ئەم توێژینەوەیەش زانینی كاریگەری ماددەی هۆشبەرەكان لە سەر گەنج چیە؟

## ٢- گرنگی توێژینەوەکە

١- توێژینەوە لە سەر ئالۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان گرنگیەکی جیهانی و ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە. هەر کۆمەڵگایەك پێویستە توێژینەوە لە سەر ئەم دیاردە مەترسیدارە بکات و شێوازێك بدۆزێتەوە بۆ روبەڕوبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ ئەوەی لە گەشەکردن و بەرەو پێشچوون بوەستێت.

٢-لەوانەیە ئەم توێژینەوە ببێت بەسەرچاوەیەك بۆ ئەوپسپۆڕانەی کەگرنگی بەگەنج و مادەهۆشبەرەکان ئەدەن بە دانانی پلان بۆرێگری گرتن وکەمکردنەوەی ئەم دیاریدەیە.

## ٣- ئامانجی تۆیژینەوەکە

١-زانینی کاریگەری بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لەسەر گەنجان..

٢-زانینی کاریگەری مادە هۆشبەرلە سەر گەنج و(خێزان) کۆمەڵگا .

٣- زانینی کاریگەری ژینگەی ناوچەکە وشوێنی جوگرافیای لە سەربەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان لای گەنجان.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

١- ماددەی هۆشبەرە : ماددەی هوشبەرلە وشەی (Narcotic) وەرگیراوە، کە وشەیەکی ئیغریقییە بە واتایی بێهوش کردن و لە هۆش خوچوون دێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوتری(Drug)(الدمرداش،١٩٨٢:١٨).

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێناسەی ماددەی هۆشبەرەکانی کردووە، کە بریتییە لە هەموو ئەو ماددانەن کە بەکاردەهێنرێن بەبێ پێویستی تەندروستی، وە دەبنە هۆی گۆڕینی ئەرکە جەستەیی و ئەقلییەکان و زیاد بەکارهێنانیان لە پێویست دەگاتە ئاستی فێربوون و ئالودەبوون، ئەمەش شوێنەواری جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە(الحمدان،٢٠٠٧:١٢).

ماددەی هۆشبەر لە روانگەی یاسایەوە: کۆمەڵێك مادەن کە دەبنە هۆی ئالودەبوون و ژەهراوی کردنی کۆئەندامی دەمار، هەروەها بازرگانیکردن و چاندن یان دروستکردنیان قەدەغەیە جگە لەو مەبەستانەی کە لە یاسادا دیاری کراوە و تەنها لە لایەن ئەو کەسانەوە بەکاردەهێنرێن کە مۆلەتی یاساییان هەیە (المهندی ،٢٠١٣:٢٣). بە پێی یاسای ژمارە (٦٨)لە یاسای سزادانی عیراق ساڵی (١٩٦٢) هەر چەشنە ماددەیەکی خاو یان ئامادەکراو لە جۆری ورێنەبەخش، ئارام بەخش، چالاکی بەخش دوور لە رێنمایی پزشکی و بەکارهێنانی بە بەردوامی دەبێتە هۆی ئالودەبوونی جەستەیی و دەروونی یان هەردووکیان پێکەوە، دواجار بە زیان دەشکیتەوە بۆ سەرتاك و خێزان و کۆمەڵگا و لێپێچینەوەی یاسایی لە سەر دەکرێت(یاسای بەرەنگار بووەوەی ماددەهۆشبەر وکارتێکارە عەقڵییەکانی لە عێراق،٢٠١٧) ( الوقائع العراقیة، ٢٠١٧).

بە پێی یاسای ژمارە یەك ساڵی (٢٠٢٠) لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ماددەی (١) برگەی (٦) کە پێناسەی بۆمادده هۆشبەرەکان کردووە بریتین لە ( هەرماددەیەکی سروشتی یان پێکهێنراوە لەو ماددانەی کە لە خشتەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم)ی هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتوون(یاسای بەرەنگار بووەوەی ماددەهۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکانی هەرێمی کوردستان،٢٠٢٠)(رۆژنامە ویقائعی کوردستان،٢٠٢٠).

پێناسەی رێکاری بۆ ماددەهۆشبەرەکان: مەبەست لە مادە هۆشبەرەکان لەم توێژینەوەیەدا ئەو کۆمەڵە مادانە دەگرێتەوە کە بەندکراوە ئالودەبوەکانی ناو چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان بەکاریان هێناوە وە بونەتە هۆی ئالودەبوون و ژهراوی بوونی کۆئەندامی دەماریان و ویست و ئیرادەو کرداری لاواز کردوون وە جەستە پیر و پەککەوتە دەکەن و بەکار هێنان و چاندن و دروستکردنیان قەدەغەیە تەنها بۆ ئەو مەبەستانە نەبێت کە یاسا دیاری کردووە.

٢- ئالودەبوون:دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتیە کە تاکی بەکارهێنەر بە هۆی کۆمەڵێك پاڵنەری دەروونی جەستەیی و ژینگەیی بە شێوەیەکی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

درێژخایەن تووشی دەبێت و دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خۆی و کۆمەڵگا ، هەروەها بەرزبونەوی ڕێژەی تاوان و کێشەی جۆراو جۆری دەروونی و کۆمەڵایەتی (محەمەد،٢٧:٢٠٠٧).

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان: بەم شێوەیە باسی ئالودەبوون دەکات: کەبریتیە لە حەز یان بەسترانەوە بە شێوەیەکی ناسروشتی و بەردوام کە کەسانێك سەبارەت بە هەندیك لە مادە دەیانبێت (احمدی ١٣٨٣: ١٨٧).

پێناسەی ڕێکاری بۆ ئالودەبوون: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی، ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە ناتوانرێت دەستبەرداری ببێت بە هۆی ڕاهاتنی کۆئەندامی دەمارەوە بۆ ئەودەرمانە یاخود ئەو مادده هۆشبەرە و لە حاڵەتی کشانەوەش لە بەکارهێنانی ئەم دەرمان و مادده بێهۆشکەرانە دا کاریگەری دەروونی جەستەیی دروست کردوەتە سەر بەندکراوە ئالودەبوەکانی ناو چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان .

٣-ئالودەبوو: بە واتای گیرۆدەی شتێك دێت(خال،١٣٦٧:٤٥). ئەمە بە مانای ئەوە دێت کەسەکە لە هیچ هەلو مەرجێکداو بەهیچ جۆرێك بەکارهێنانی نیيە بۆ مادده هۆشبەرەکان، کەسێك بە هۆی بەکارهێنانی دووبارەوە بەردەوامەوە ئالودەی بە مادده هۆشبەرەکان بەواتایی کەتر قوربانی هەردەرمانیك یان پشتبەستنی دەروونی بە مادده هۆشبەرەکان بە ئالودەبوون ناسراوە (محسنی،١٣٦٨: ٤٧) .

پێناسەی ڕێکاری بۆ ئالودەبوو: بریتیە لە وابەستەبوونی دەرونی و ئۆرگانی بۆ دەرمانێکی دیارکراو کە بەندکراوە ئالودەبوەکانی ناو چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان ناتوانن دەستبەرداری ببن بە هۆی ڕاهاتنی کۆئەندامی دەماریانەوە بۆ ئەودەرمان و مادده هۆشبەرەانەی و لە کاتی کشانەوەشیان لە بەکارهێنانی ئەم دەرمان مادده بێهۆشکەرانە کاریگەری دەروونی جەستەییان لێ دەکات.

٤- گەنج لە ڕوانگەی مارغریت مید: مروڤناسی بە ناوبانگی ئەمریکی پێناسەی گەنجێتی بەم شێوازە دەکات:دەتوانین بڵێین کاتی گەنجی دادەنریت بە(ئەگەر و ئایا)کە دو تایبەتمەندی خۆیان هەیە ئەویش چاوەڕوانییە بەربڵاوەکان لە لایەك و بە ئاکام نەگەیشتنەکان لە لایەکی دیکەوە، سەردەمێك کە تێیدا دەسکەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیەکان کامڵ نەبوون (شفرز،١٣٩٠:٢١) .

لە ڕوانگەی کومەلناسی گەشەپێدانەوە تەمەنی گەنج لەوەکاتەوە دەست پی دەکات کە کەسە کە بالغ دەبێت ،ئەویش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە چونکە ئەم تەمەنە لە ڕووی شێوازی هەڵس و کەوت و تێروانینەوە، کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆی هەیە (ربانی، ١٣٨٣: ١٦).

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:تەمەنی گەنجی،لە نیوان(١٦بۆ٢٥)ساڵی دیاری کردووە (تەڵعەت،٢٠٠٦: ١٣).

پێناسەی ڕێکاری بۆگەنج:لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە گەنج ئەوتوێژەن کەتەمەنیان لە نێوان(١٨-٣٤) ساڵدایە کە بە هۆی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکانەوە لە ناو چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستاندا دەستەبە سەر کراون.

## باسی سێهەم/ توێژینەوە هاوشێوەکان

یەکەم:توێژینەوەی محمد ، فائز ابراهیم ،٢٠١٠،بە ناونیشانی ( هۆکارە کۆمەڵایەتییە – دەروونییەکانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان ) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە سەر خووگرتووەکانی بەندکراو لە شاری هەولێر.

ئامانج لەم توێژینەوەیە ناسینی هۆکارە کۆمەڵایەتیی و دەرونییەکانی تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکانە، لەم توێژینەوە مێتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر (شامل) بەکارهاتوە کە نموونە وەرناگرێ، بەڵکو چەند کەس هەبێت کە پێویستە توێژینەوەیان لە سەربکرێت،بە تێکرایی وەردەگرێت لە بەر بوونی تەنها(١٠) خووگرتووی بەندکراو لە خانەی چاکسازی ئاسایشی هەولێر هەر هەموویان وەرگێراون. مێتۆدی توێژینەوە بار بە کارهاتووە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە بارودۆخێکی دیاریکراو.مێتۆدی توێژینەوە بار وەکو مێتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی دەکرێ پرسیارنامە، چاوپێکەوتن یان تێبینیکردن بەکاربهێنن کە توێژەر هەرسێکیان بەکارهێناوە بۆ کوکردنەوەی زانیاری، هەروەها مێتۆدی بەراوردکاری بەکارهاتووە هەروەها بۆ بەراورد کردنی دیاردەی خووگرتن لەم ساڵە لەگەڵ ساڵەکانی ڕابردوودا. توێژەر تەنیا سوود لە یاسای ڕێژەی سەدی(النسبە المئویە) وەرگرتوە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان. وە گرنگترین ئەنجامەکانیشی ئەمانەن:-

١-هۆكاری سەرەكی تووش بوونی ئەم گەنجانە بۆ نێشتەجێ بوونیان لە وڵاتی ئێران دەگەڕێتەوە، ئەمانەی كە لە ئێران تووش بوون، زوربەیان ئەو كەسانەن كە لە گەڕانەوەیان بۆ كوردستان دواكەوتن(واتە لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ گەڕاونەتەوە)،بەڵام ئەوانەی كە زووتر هاتوونەتەوە، وەك ئەوانی دیكە توش نەبوون.٢- :هەموویان پیاو بوون و گەنجیش بوون گەورەترینیان تەمەنی (٣٤) ساڵ و بچووكترینیان (٢٤) ساڵ بوو. ٣- لەخێزانێكی شپرزەو هەست نەكردن بە بەرپرسیاریەتی بوون چونكە دایك وباوكیان بە هۆی چاودێری نەكردنی پێویست شێوازی گونجاوی پەروەردە كردنەوە هەریەكە لەو گەنجانە وازیان لە قوتابخانە هێناوە هیچ كام لەوان لە ئاستی بەرزی خوێندەواریدا نەبون كە بەرزترینیان ناوەندی بوو.

دووەم:توێژینەوەی كریم،لقمان صالح،٢٠٠٩، بە ناونیشانی (هۆكارو جێكەوتە كۆمەڵایەتییەكانی خراپ بەكارهێنانی ماددەهۆشبەرەكان) ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی ئەنجام دراوە، ئامانجی توێژینەوەكەش خستنە رووی زانیاری تایبەت لە سەر مێژوو و پۆلێن و رەوشی مادده هۆشبەرەكان لە هەرێمی كوردستان و كۆماری عێراقی فیدراڵ و ناو چەكەو جیهاندا، دۆزینەوەی سەرداوەكانی بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان لە سەر ئاستی"تاك، خێزان، كۆمەڵگە" لە میتودی توێژینەوەكە شیوازی تیكەڵ(كمی و كیفی)بەكارهێناوە. توێژەربۆدیاریكردنی نموونەی توێژینەوەكەی پشتی بە(نموونەی تۆپەڵە بەفرینەی) بەستوە، نموونەی توێژینەوەكەش بریتییە لە(١١٠) یەكە كە لە توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵگە وەرگیراون.

گرنگترین ئەنجامەكانی توێژینەوەكەش ئەمانەن:١- بەشێكی زۆری نمونەی توێژینەوەكە پەشیمانی خۆیان دەربڕیوە لە بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان.٢-هەندێك لەو زیندانییانە كە حەب فرۆشن، ناوی نهێنییان هەبوو بۆ ئەوەی كەس نەیان ناسێتەو٣-هەندێك لە زیندانییەكان بۆ كڕینی ماددەهۆشبەرەكان تەنانەت پێڵاو و كەل و پەلی تایبەتی خۆیان لە ناو زینداندا دەفرۆشت.٤- بونی حاڵەتی دزی لە ناو هۆڵی زیندانەكاندا،بە تایبەتی پێڵاو دزین و تایبەتر لە ناو هۆڵی گەنجاندا. ٥-هەندێك لە بەندكراوەكان شوێنەواری خۆكوتان و تاتۆ لە سەر دەست و مەچەكیيان بەدی دەكرا.٦-بەدیكردنی حالەتێ سواڵكردن لە دەرەوەی زیندان لە لایەن كەسێكی بەكاربەرەوە.

سێهەم:توێژینەوەی فریدە، قماز ،٢٠٠٩، بە ناونیشانی (عوامل الخطر و الوقایة من تعاطي الشباب للمخدرات) فاكتەرەكانی مەترسی و خۆپاراستن لەبەكارهێنانی لاوان بۆ ماددەی هۆشبەر.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی ئەو هۆكارانەیە كەوا لەگەنجان دەكەن پەنا بەرن بۆ بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان،وە زانینی هۆكارەكانی مەترسی و خۆپاراستن لە بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر لەلای لاوان، توێژەر لەم توێژینەوەدا پشتی بە ڕێبازی وەسفی شیكاری بەستووە بۆ ڕەفتاری بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەرەكان ئەوانیش بیردۆزی كەمی خۆراك، بۆماوەیی، زیندە كیمیا، ڕاڤەی ئالودەبوون وپرسە داهاتووەكان و بیردۆزی دەروونی و كۆمەڵایەتییەكانی وەك ڕەفتاری، مەعریفی ڕێبازی ئەزموونگەری بەكارهێناوە.كۆمەڵگەی توێژینەوەكەی(شاری سطیف) بوولە وڵاتی جەزائیر،جۆری نموونەكەی توێژینەوەكە، هەڕەمەكی سادە بووە، قەبارەی نموونەی توێژینەوەكەی (٣٠٠) كەس بوون لە سەنتەرەكانی تایبەت بە تەندروستی دەروونی، كە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٣١) ساڵیدایە (١٥٠) گەنج ماددەی هۆشبەریان بەكارهێناوە(١٥٠) بەهەمان قەبارە بۆ ئەو گەنجانەی كە بەهیچ شێوەیەك ماددەی هۆشبەریان بەكار نەهێناوە، ئامرازەكانی كۆكردنەوەش فۆرمی ڕاپرسی ) سوسیۆدیموغرافی(بووە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەكە، پێیگەیشتووە بریتیین لە:

١-زۆربەی ئەوانەی ماددەی هۆشبەریان بەكارهێناوە باری كۆمەڵایەتیان سەڵت بووە و كەمتر هەستیان بە بەرپرسیاریەتی و پێگەی كۆمەڵایەتی كردووە.٢-بیكاری پاڵنەرێكی سەرەكی بووە لە هاندان و ئاڕاستەكردنیان بۆ بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكان.٣-هەژاری هۆكار بووە بۆ پەنابردنەبەر بەكارهێنانی ماددەی هۆشبەر.٤- زۆربەی بەكارهێنەران تووشی ڕەفتاری لادان و تاوانكاری هاتوون لە دوای بەكارهێنانی مادده هۆشبەرەكانەوە.٥-زۆرینەیان لە ڕێگەی هاوڕێی خراپەوە ماددەی هۆشبەریان بەكارهێناوە

چوارەم/ توێژینەوەی صالحی، محمد، ١٣٩٠ ، بە ناونیشانی(زانینی هۆكارەكانی بلاوبوونەوە مادده هۆشبەرەكان لە ناو گەنجان لە ناو شاری بهشهر).

ئەم توێژینەوەیە لە شاری بهشهرلە ئیران لە پاریزگای مازندران ئەنجام دراوە، ئامانجی توێژینەوەکەش بۆ زانینی هۆکارەکانی بلاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکانە لە ناو گەنجانی شاری بهشهردا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی بڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ریگەی خیزان و بەرپرسانی وولاتەوە میتود کمی بەکارهێناوە،کومەڵگا توێژینەوەکە هەموو ئەو گەنجانە بوون کە تەمەنیان لە نێوان( ١٨بو ٢٤) سال بوو لە قەزای بهشهر کە نزيك (٣٢٣٤) گەنج دەبیون کە بە شیوەی هەرمەکی سادە لە( ١٠٠)گەنج دەست نیشان کراوە ولە ریگەی پرسیارنامەوە وە شیکاری بۆ دەرئەنجامەکانی کردووە.

توێژینەوەکە گەیشتەوەتە ئەم ئەنجامانە:١- گەنجان زیاترین توێژن کە دەکەونە بەر مەترسی دەرمان و مادده هۆشبەرەکان کە لە تەمەنی (١٨ بو٢٤) سالیدان.٢-ئاستی خوێندەواری و روشنبیری کاریگەری باشی هەیە لە سەر گەنجان کە کەمتر پەنا ببەن بو مادده هۆشبەرەکان بە جۆرێك تا ئاستی خوێندەواری بەرزتربێتەوە بەکارهێنان کەم دەبێتەوە.٣-ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، بوونی هاورێی خراپ، لاوازی لێکترازانی پەیوەندیە خێزانیەکان، نەبوونی ئاستی روشنبیری دایك وباوك،

## بەشی دووەم : باسی یەکەم/مێژووی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرەکان:-

### أ -مێژووی سەرهەڵدان وبڵاوبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەجیهاندا:

مرۆڤ نزیکە( ٧٠٠٠) ساڵ پێش زایینی بە جۆری ماددەیەك ئاشنا بوو بە ناوی خاشخاش و ناوی بردوو و لەوحە قوڕاوییەکانی کە تایبەت بو بە سومەرییەکان(٥٠٠٠) ساڵ پیش زاینی کە کونترین نەتەوەن تریاکیان بە کارهیناوە و لە مصر خاشخاش یان ڕواندوە، و نزيك (٤٠٠٠) ساڵ پیش بەکارهێنان و کیشانی تریاك لە چین گرنگی زۆری پێدراوەلە ساڵی(١٥٠٠) پیش زاینی توی خاشخاش لە میصرەوە بەرەو یۆنان براوە و لەو چاندویانەوە و و بەکاریان هیناوە کە گرنگی زۆر پێدراوە و لە کتێبی "ئەڤێستای"ش کتێبی ئاییني زەردەشتیەکانە لە جۆرە گیاە ناو براوە بە ناوی گیاە شاهدانە هندی بە چارەسەری پزشکی بەکارهینەراوە بو بێهۆش کردنی نەخوش لە کاتی چارەسەر کردنیدا(اختر محقق،١٣٨٥:٧٨).

بەپێی راپۆرتی جیهانی مادده هۆشبەرەکان لە نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان، لە ساڵی (٢٠٢٠)دا نزیکەی (٢٧٥) ملیۆن کەس مادەی هۆشبەریان بەکارهێناوە و زیاتر لە (٣٦ )ملیۆن کەسیش پێویستیان بە چاودێری ورد هەیە، هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە هێزی حەشیش دەکات لە ماوەی (٢٤) ساڵی ڕابردوودا، کە لە بەشێکی جیهاندا چوار هێندە زیادی کردووە و سەرەڕای ئەو بەڵگانەی کە بەکارهێنانی حەشیش بە تایبەتی لەنێو ئەوکەسانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەکاردەهێنن، زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت، ژمارەی ئەوگەنجانەی  مادده زیانبەخشەکان بە ڕێژەی لەسەدا (٤)زیاد کردووە(Report UNODC، 2020).

لە نێوان ساڵانی( ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٩) ژمارەی ئەوکەسانەی کە ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنن بە ڕێژەی(٢٢٪) زیادی کردووە، بەشێکیش بەهۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی جیهانەوە بووە. بە پشتبەستن بە گۆڕانکاری دیمۆگرافی، دەریدەخات کە تا ساڵی( ٢٠٣٠) ژمارەی ئەو کەسانەی کە مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن لە جیهاندا بە ڕێژەی( ١١٪)زیاد دەکات و زیادبوونی بەرچاو بە ڕێژەی (٤٠٪) لە ئەفریقایە،ئەویش بەهۆی گەشەی خێرای  گەنج و دانیشتووانەوە (Report UNODC، 2020).

### دووەم/مێژووی مادده هۆشبەرەکان  لە عێراقدا

مێژووی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان لە عێراقدا مێژوویەکی تازە نییە و دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٦٢٨)، هەروەها لە سەروبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢٠) هاوتەریی یاسا نێوتەییەکان بووە لە نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی (١٩٢٢)دا بریاری ژمارە (١٣) دەرکرد تایبەت بە قەدەغەکردنی چاندنی بەنگی هیندی وگوڵە خاتونە، لە ساڵی (١٩٣٨ ) یاسای ژمارە (٤٤) دەرکرد وتیایدا هەمو ئەو ڕێسا بنەرەتیانەی رەچاو کردوە بۆ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان پێویستە بە هەند وەربگیرێن ، لە ساڵی(١٩٦٢) بە پێی یاسای ژمارە(١٦) و لەکاتی  چونە ناو تاقە ڕێکەوتنناماکەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ بەرەنگاری بازرگانی ماددەهۆشبەرەکان عیراقیش پابەند خۆی بەم ڕێکەتنامەیە

راگەیاند هەروەها بە یاسای ژمارە (٦) ی ساڵی(٢٠٠١) عێراق چووە نێو رێکەتننامەی عەرەبی بۆ نەهێشتنی بازرگانی ماددەهۆشبەرەکان.(سیوەلی،٢٠١١:١١٧). لەسەردەمی حوکمرانی بەعسدا تا کاتی رووخانی ساڵی(٢٠٠٣)ماددەهۆشبەرەکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ بڵاونەببونەوە بە واتایەکی دی هەر لە قۆناغی حاڵەتدا بوون و نەگیشتبونە قۆناغی کێشە. بەپێی راپۆرتی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (مکتب مکافحە المخدرات التابع للامم المتحدە،٢٠٢٠) باسی لەوە کردووە کە وڵاتی عێراق لە پێش ساڵی( ٢٠٠٣ ) یەکێك بۆ لە پاکترین وڵاتانی ناوچەکە لە رووی بەکارهینان و بەرهەمهینان و هەنارده کردن بەماددەهۆشبەرەکانەوە، بەڵام دوای ساڵی (٢٠٠٣) و ئازاد کردنی عێراق لە ژێر دەستی رژێمی بەعس عێراق بو بە یەکێك لە وڵاتانی بەکارهێنەر و بازرگانی کەر بە مادده هۆشبەرەکانەوە (محەمەد،٢٠١٠:٥١) .

## سێهەم/ مێژووی مادە هۆشبەرکان لە هەرێمی کوردستاندا

مێژووی سەهەڵدانی مادە هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ دوای ساڵی(١٩٩٠) دەگەرێتەوە کە بە هۆی کرانەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بە ڕووی وڵاتانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەو ماددانە بە ڕێگەی قاچاخ لە ناوچە سنوورییەکانەوە دزەییان کردووەتە نێوخاکی هەرێمی کوردستان (مەرتەزەوی ،٢٠٠٧:٣٢). هەروەها لە راپەڕینی ئازاری (١٩٩١)کۆرەوێکی چەند ملیۆنی بەدوای خۆیدا هێنا کە زۆرینەیان روویان کردوە سنورەکانی ئێران و بە شێکیشیان تەنانەت دوای ئازاد بوونی هەرێمی کوردستان هەر نەگەرانەوەو لە ئێراندا مانەوە،بەم جۆرە کەم تا زۆر لە ئێران بە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان بارگاوی بوون ، دواتریش لە قۆناغی گەڕانەوەیاندا ئەم کێشە نەخوازراوەیان لە گەڵ خۆیاندا هێنایەوە بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها لە ساڵی(١٩٩١) تا رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی( ٢٠٠٣) ئەم رژێمە گەمارۆی ئابوری لە سەر هەرێم دانا بوو، هەرێمی کوردستان دابڕا بوو لە حکومەتی ناوەندی ، هەر بۆیە پەیوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی لە گەڵ وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت ئێران پەرە پێدا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەودابڕانەی، ئەمەش کاریگەری ئەم وڵاتە لە رووی بەکارهێنان و بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە لە سەر هەرێمی کوردستان زیاتر بکات (تەها،٢٠١٨:٥٨).

بە پێی ئامارەی بەریوەبەرایەتی گشتی نەهیشتنی ماددەهۆشبەرەکان لە ریکەوتی( ٢٠١٩\١٢\٢٦) کە رای گەیاند لەساڵی (٢٠١٩)دا (١٧١٢) تومەتبار دەستگیرکراون کە (٢٠٣کیلو ١٦گرام )مادە هۆشبەریان پی بوو بە پی ئەم زانیاریان نزیکەی (٥٣٠) کەسیان سزا دراون و هەزارو (١٨٢)و کەسیان لیکولێنەوەیان بۆ کراوە، وە بە پێی وتەی بەڕێوەبەری گشتی مافی مرۆڤ ئەو ئامارانەی کە لای ئەوان بوون بەم شێوە بوون، ئەوانەی بە ماددەی هۆشبەرسزا دراون لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، هەولێر، سلێمانی و دهوك (١١٤٦) کەس بوون و (٩٨٧) کەسیش بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەر بوون و (٢٨٣) کەسی تر بازرگانییان پێوە کردووە و (١٣٩٨) کەسیشان لە قۆناغی لێکولینەوەی دادگادان و چاوەروانی بریاری دادگا دەکەن و ئەوانەی کە دەست بەسەر کراون رێژەی لە( ٦٥٪ )یان لە تەمەنی( ١٤بو ٣٣ )ساڵن کە رێژەیەکی بەرچاوی بەر گەنجان و لاوان کەوتووە، و ئەمەیش ئەو دەگەینێت کە رۆژ لە دوای رۆژ بەکار هێنانی ماددەی هۆشبەر لە بەرزبونەوەدایە، چ ئەوانەی ئالودە بوون یاخود ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن (estanews، 2019).

وە بەگوێرەی ئاماری ئەندامی لیژنەی باڵای رووبەڕووبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێستا لە کوردستان (٨٢٦) کەس لەسەر بەکارهێنان و بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر گیراون، لەو ژمارەیە (٧٥٦) کەسیان نێرن و تەمەنیان سەرووی (١٨) ساڵە و (١٥) کەسیشیان مێن و تەمەنیان لە سەرووی (١٨) ساڵەوەیە، تەمەنی خوار (١٨ ساڵ ٣٤) نێر و (٢١) کەسیش مێن (روداو دیجیتال،٢٠٢٢).

د. ئیبراهیم رەمەزان، بەرپرسی رێکخراوی رووبەرووبوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لەبارەی رێژەی ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەرەوە لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك ئامار بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیەنێت، کە"ساڵی رابردوو بەپێی ئەو ئامارەی ئەوان کۆیانکردوەتەوە (٥٠)هەزار کەس لە هەرێمی کوردستان ئالوودەبووی مادده هۆشبەکەرەکان بوون، لە ساڵی (٢٠٠٦)لە هەرێمی کوردستان (٣٠) ئالوودەبووی مادده

هۆشبەرەکان گیراون، لە ساڵی (٢٠١١)ئەو ژمارەیە گەیشتە (٨٨) کەس، لە ساڵی (٢٠١٦)ژمارەکە گەیشتە(٥٠٨) کەس و لە ساڵی (٢٠٢١) ژمارەی گیراوان بوون بە (١٩٤٣) کەس، لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵیش (١٢٥٦) کەس بەهۆی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەرەوە گیراون.

## باسی دووەم : گەنج وقۆناغەکانی گەنجی

گەنج، بیرو باوەڕ و هیوا و ئاواتە بۆ دوارۆژ، گەنج سمبول و نیشانەی هێز و گەشەیە، کاتی گەنجێتی کاتی ئەویندارى و تێکوشان و پێشکەوتنە، چینی گەنجان لە هەمانکاتدا بەرهەمن و بەرهەم هێنەریشن، گەنج چینی گۆرانخوازییەو لە هەموو وڵاتێك گەورەترین شەپۆلە بۆ سیاسەتمەداران و دەسەڵاتداران. لە زۆربەی شورش و گۆڕانخوازێیەکانی جیهاندا، سەرەکترین فاکتەری بەرهەم هێنان و چاکسازی و چاکخوازی لایەنی ئابوورییە، بەڵام لە کاتی تێکچونی هەرولاتێك، کە سیاسەتەکەی، توشی گرفتاری گەندەڵی ببێت، ئابووریەکەی بێ سیستەم و بێ بەرنامە ببێت، ئەدەبیاتی پەشێو و بی چوارچێوە بێت، زمان و کولتوور و هەست و بیر وباوەڕی لاوازببێت وتووشی نەهامەتی ببێت، ئەوا ئەو کاتە گەنجان و لاوان یەکەم و نزیکترینن توێژی کۆمەڵگان کە باج کەی دەدەن (عبدالرحیم،٢٠٢٠: ٥).

گەنجان گەورەترین توێژی کۆمەڵگان کە لەوبارەیەوە رۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندیی دەروونی گەنجەوە، زۆر بەکەمی رازی ئەبێت کەلتوری کۆمەڵگا زاڵ بێت بەسەریدا.ئەمەش هەنگاو ێکی گرنگە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەرچەندە هەندێك جار یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە نێگەتیڤە، بەڵام رەفتارێکی چاوەڕوانکراوە لە گەنج، لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی ودەروونی وجەستەییەکانەوە، لە قۆناغی گواستنەوەدایە (سعید،٢٠٠٤: ١٦).

باسی سێیەم: کاریگەری مادە هۆشبەرەکان لەسەر گەنج

کاریگەری ئالودە بوون بە مادە هۆشبەرەکانەوە چەندین ئاسەوار بە دوای خۆیدا بە جێ دەهێلێت لە رووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی وخێزانی وئابوریە ...هتد. کاریگەری تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان لە نێو کۆمەڵگاکاندا جیاوازیی هەیە لێردا بە کورتی تیشك دە خەینە سەر هەریەکێك لە مانەی خوارەوە.

## یەکەم : کاریگەری کۆمەڵایەتی مادە هۆشبەرەکان لەسەر گەنج

کاریگەری مادد هۆشبەرەکان لە سەر جەستە و دەروونی گەنج هێز و تواناکانی لە دەست دەدات و توانای هەڵگرتنی لێپرسراویتی نامێنێت، ئەمەش دەبیتە هۆی کێشەی گەورە لە ناو خێزاندا و دەبێت هۆی تووشبوونی ئەندامانی تری خێزانەکە، تووشی لادان دەبێت ، لە ناو بردنی بنەماکانی خێزان ودابرانی پەیوەندی نێوان ئەندامەکانیدا وئاژاوەو شەڕی بەردوام و نەبوونی ئارامی و بێئاگایی لە ئەرکی خۆی بەرامبەرئەندامانی خێزانەکەی و نەمانی رۆڵ و پێگەی لە خێزاندا کە توانایی خۆگونجاندن لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگادا نامێنێ، وە سوکایەتی کردن بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و هەوڵدان بۆ هێنانەوەی پاساوی نابەجێ بۆ رەفتارە نەشیاوەکانی هەندێکجاریش خۆی گەلێك پەستە بەم رەفتارانەی و هەوڵ دەدات واز لە ئالودەبوون بێنێت بەڵام ناتوانێت بۆیە هەستی خۆبەکەم زانین و خەمۆکی و دڵەراوکی... لە نێوانیاندا زۆر زیاترە بە بەراورد بەتاکەکانی تری کۆمەڵ و پەنا بردنە بەر درۆ و دزیکردن بۆ بەدەستکەوتنی مادە هۆشبەرەکە(حسن،٢٠١٢: ١٨٦).

## دووەم/ کاریگەری دەروونی (کەسی) مادە هۆشبەرەکان لەسەر گەنج

ماددە هۆشبەرەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە سەر لایەنی دەروونی مرۆڤ هەیە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بە تەواوەتی گەشەیان نەکردووە ئەوانە زیاتر لە ڕووی دەروونییەوە بە ماددە هۆشبەرەکان پابەند و بەستراون، خودی ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەرەوە بە یەکێك لە گرفتە دەرونیەکان دادەنرێت و گرفتی هۆش پێدان و تەرکیز کردن و بیرچوونەوە و لاوازی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگا چونکە هاوەڵی مادەکە دەکات و بەلایەنەوە لە سەرجەم پەیوەندیە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکان گرنگترە و ئامادەیە لە پێناو بەدەست

هێنانی ئەو مادەیەدا زۆر بەهای کۆمەڵایەتی کەسێەتی گرنگ لە دەست بدات یان بە پێچەوانەی یاسا رەفتار بکات(حسن،٢٠٠٩:١١١).
نەخۆشی دەروونی بە واتای بوونی کەموکورتیەك دێت لە لایەنی دەروونی مرۆڤدا، کە ببێتە هۆی لاواز کردنی کۆنترۆڵی و حەزە سروشتیەکانی مرۆڤ،مانەوەی ئەم حەزە کپێنراوانە لە ناو مرۆڤدا دوچاری نەخۆشی دەروونی دەکەن، لە بەر ئەوە ماددەهۆشبەرەکان وەك رێگوزەرێك دێنە بەرچاو کە توانای شکاندنی دەرگای ئەم زیندانەیان هەیە، دەروونناس (سیگمۆند فرۆید) لەم بارەیەوە دەڵێت"مادده سرکەرەکان تەنها چێژێکی خێرا دابین ناکەن و بەس، بەڵکو پلەیەکی سەر بەخۆبونیش لە جیهانی دەرەکی دابین دەکەن ،کە دەمێکە دەروون تامەزرۆیەتی،هەروەها زانا (سیمێل"Simmel") پێی وایە ئالودەبوون شێوازێکی بەرگریکارانەیە بۆ رزگاربوون وکۆنترۆڵکردنی نەخۆشی خەمۆکی، واتە ئەو تاکانەی کە بە دەست هەندێ نەخۆشی دەروونیەوە وەك (نوروتیك و سایکۆپاتیك و هیپۆکندریاو و خەمۆکیەوە) دەناڵێنن، لە پێناو نەهێشتنی فشارو دڵەراوکێ وکێشەی دەروونیدا، زیاتر، دەکەونە بەر مەترسی بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان، پزیشکیە دەروونناسەکایش پێیان وایە رەفتاری ئالوودەگی خۆی لە خۆیدا کاردانەوەیەکی بەرگریکارانەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو فشارانەی کە دەکەونە سەرشانی کەسی بەکار بەر، هەولێکە بۆ گێرانەوەی هاوسەنگی دەروونی ، هەر بۆ ئەم مەبەستە زانا(ئەرك فرۆم) دەڵێت ئادەمیزادی دڵتەنگ و "خەمۆك"هەست دەکات بۆشاییەك لە دەروونیدا هەیە، واهەست ئەکات کە ئیفلیج بووە و هێزێکی بزوێنەری تێدا نەماوە.هەندێك لە مرۆڤەکانیش ئەو بۆشاییە بە مادده هۆشبەرەکان پردەکەنەوە(سیویلی،٢٠١١: ١١٢).

## سێیەم: کاریگەری جەستەیی مادده هۆشبەرەکان لەسەر گەنج

ماددەهۆشبەرەکان بە شێوازو ئاستی جۆراو جۆرمرۆڤ توشی زیانی تەندروستی دەکەن، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆکەسێك و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازی هەیە ئەوەش دەکەوێتە سەر جۆری ئەو ماددەیەی کە بەکارهاتووەو شێوازی بەکارهێنانەکەی و دۆزی بەکارهێنراو وماوەی بەکارهێنان و شێوازی دەستکەوتنی ئەو ماددانەیە، کەسی ئالودەبوو بە مادە هۆشبەرەکانەوە وا لە مرۆڤ دەکەن کە رۆژلە دوای رۆژ لاوازتر ببێت وەکو ئەو وایە کە مرۆڤ (سلفەی (وام) پارەی راکیشا بێت لە بانك دا و لە سەرەتا دا وەزەیەکی پێ دەدات و دواتر ئەمەی بە زیادەوە لێ وەردەگیرێتەوە و ئەو توانا و هێزیەی جارانی نامنیت هەندیك لە مادده هۆشبەرەکان ئەم جۆر خەسڵەتانەیان هەیە (گرایدانوس، ١٣٩٣:١٤٢). ئەو کەسەی کە ئالودە بووە بە مادەهۆشبەرەکان ئەگەر رۆژانە بوماوەی (١٠ تا ١٢) کاتژمێر ئەم مادەیە بەکارنەهێنیت ئەوا تووشی کۆمەڵێك نیشانە و ئاسەواری خراپ لە رووی جەستەی دروست دەبێت، وەک تێکچوونی دەمارەکانی، دڵەڕاوکێ، نائارامی، پژمین، زۆر ڕۆیشتنی ئاو لە لووت و چاوەکان، لەگەڵ ئازارێکی توندی ماسولکەکانی و بوونی فشارێکی توند لە بڕبڕەی پشیتدا، ئازارولێدانی دڵی، بێئاگایی لە خواردن، دووبارەبوونەوەی ڕشانەوە، تەنکبوونەوە و لاوازی، و لە کۆتاییدا لەرزین و لەرزینی توندی ماسولکەکان (فرجاد،١٣٧٥:١٤٠). جگە لە م ئالۆزیيانەش هەندێکجار تووشی هەوکردنی پێستیش دەبێت و شوێنەکەی دەبێتە هۆی هەوکردنی شانەکانی جەستەشی لەوانەش ئێسکەکان، ئەم نیشانانە لەکەسانی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکانەوە بەدی دەکرێن، بە تایبەتی ئەوکەسانەی کە لە ڕێگەی دەرزییەوە مادده هۆشبەرەکان بەکاردەهێنن، لە هەندێ جاریش ئەم هەوکردنانە ئەوەندە توند دەبن کە دەبنە هۆی مردنی ئالوودە بووان(Parsa, 2016).
بەکارهینانی ئەم مادانە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ وا لە مرۆڤ دەکات کە تووشی چەندین نەخۆشی جەستەیی ببێت کە ئاسەوارەکانی بە ئاشکرا لە رووی جەستەدا بەدیی بکرێن وەکو لاواز بوونی جەستەی و دابەزینی کێش، تێکچوونی کۆئەندامی هەناسە و تەنگەنەفەسی وتێکچوونی لێدان دڵی و کۆئەندامی گۆرچیلەو میزەرۆ، بێهێزی و لاوازی لەش و تێکچوون هۆرمونەکان جەستەی زۆر عارق کردن وهەستکردن بە گەرما و سەرما لە رادەبەدەر وا لە گەنج دەکات کە ئارەزووی سیکسی کەم بکاتەوە و هەروەها تووشی نەخوشی ئایدز و هپاتیت یان زەرکی وجەلتەی دڵ و میشك و تێکچوونی خەو، هەڵوەرینی مووەکانی سەری و وشك بونەوەی پیستی (امیری، ١٣٨٩:٤١).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

### چوارەم / کاریگەریە ئابوریەکانی مادە هۆشبەرەکان لەسەر گەنج

بەشێکی تری ئاسەوارەکانی بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان لە رووی ئابورییەوەیە کە تاك و خێزان دەخاتە ژێربارێکی قورسەوە، وەکو بە هەدەردانی پارەیەکی زۆر بۆ بنیادنانی نەخۆشخانە وسەنتەری تایبەت بۆ چارەسەری ئالودەبوەکان و بنیادنانی بەندیخانە بۆ ئەوانەی بازرگانی پێوە دەکەن، بەکارهێنانی توانایەکی زۆری مرۆیی بۆ رێگرتن و چارەسەرکردنی ئالودەبوەکان، وەزارتی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و رێکخراوەکان بۆ هۆشیارکردنەویان، بەفێرودانی پارەیەکی زۆربۆ کرینی ئەو مادانەی و بەهەدەردانی سەروەتی نیشتمانی، کەمبوونەوەی توانای بەرهەم هێنانی تاکەکان چونکە برێکی زۆری ئەوانەی ئالودە دەبن کەسانی گەنجن بە هۆی تووشبوونیان بە نەخۆشی یان کەمبونەوەی توانای کارکردنیان یان مانەوەیان لەو دیو دیواری بەندیخانەکاندا و بەهۆی تووشبونیان بە هەندێك نەخۆشی و ئەگەری بوونی منداڵی نائاسایی برێکی زۆر لە داهاتی گشتی بۆ چارەسەری ئەم گرفتە خەرج دەکرێت (حسن، ٢٠١٢:١٨٩). کەمبوونەوەی هێزی مرۆیی و بەرهەمهێنان و بوونە بار لەسەر شانی کۆمەڵگایە، تاکی ئالودەبوو بە هۆی خووگرتن و بەردوامبوونی لە سەربەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، توانایی خۆی لە هەموو کارێك لە دەست دەدا، بێکار دەبێت و پیشەیەکی دروست و بەردوامی نابێت و بە درێژایی زەمەن و بە زیادبوونی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان دەبێتە کەسێکی بەکاربەر لە ناو کۆمەڵگا و لە ئەنجامدا تووشی کەمیی هێزی کار و بوونە بار بەسەر کۆمەڵگاوە دەبێت و بەمەش کۆمەڵگا لە بەرەو دوادەکەوتن ئەبات ،چونکە گەنج هێزی کار بۆکۆمەڵگا کە ئەم چینە گرنگە لەدەست بدات (میری اشتیانی، ١٣٨٣:١٣) .

### لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە : بەشی سێیەم/ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم/ میتۆدی توێژینەوەکە (Research Method )

میتۆد بریتییە لە چەند رێسای گشتی بۆ گەیشتن بە راستی زانستی و ئامانجە دیاری کراوەکانی توێژینەوە (السماك،١٩٧٨:٨٧).ئەم توێژینەوەیە، بە توێژینەوەیەکی چەندایەتیی دادەندرێت، واتە ئەو توێژینەوانەن کە ڕاڤەی دیاردەکان دەکەن لە ڕێگەی کۆکردنەوەی داتا و ژمارە وشیکردنەوەیان، بە پشت بەستن بەو ڕیگایانەکە لە زانستی بیرکاری بەکاردێن بە تایبەت ئامار(صوان،٢٠١٧:٥٥).

گونجاوترین ڕێباز یا خود میتۆد بۆ ئەم توێژینەوەیە،بریتییە لە میتۆدي وەسفی بەهۆیەوە دەتوانین وێنەیەکی شیکاري وەسفی بابەتی توێژینەوەکەمان بکەین .ڕێبازی وەسفی شیوازێکە لە شێوازەکانی شیکردنەوەیەکی چڕی زانیاری پێویست و وورد لە بارەی دیاردەیەک یان بابەتێکی دیاریکراو، یاخود لە بارەی ماوەیەک یان ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو، لە پێناوی گەیشتن بە دەرئەنجامی زانستی و ڕاڤەکردنیان بەڕێگایەکی بابەتییانە کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئاماژەکانی ئەم دیاردەیە )دویدري،٢٠٠٠:١٨٣). یەکێک لە ڕێگاکانی ڕێبازی یاخود میتۆدی وەسفی بریتییە لە (ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی)یە، ئەمەیش یەکێکە لەو ڕێگایانەی توێژینەوە، کە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت،لە بەر ئەو هۆیەوە کۆمەلێک ڕووداو و زانیاری بابەتیانە لە سەر دیاردەیەکی دیاریکراو یان ڕووداوێکی تایبەتی، یان گروپێک یانیش لایەنێک لە لایەنەکانی (تەندروستی، پەروردە ، کۆمەڵایەتی...) فەراهەم دەکات(زێباری،٢٠١٨-٨٥). توێژەر ڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونەی بەکارهێناوە، بە ئامانجی گەیشتن بە زانیاری و داتای وورد لە باری کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەی وەرگیراو لەو کۆمەڵگایە.

### دووەم/کۆمەڵگەی توێژینەوەکە community of the reasch))

کۆمەڵگای توێژینەوەبریتییە لە کۆی هەموو یەکەکانی توێژینەوەکە کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت، کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیەش بریتییە لە سزادراوانی بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی گەورانی سلیمانی، کە کۆی سزادراوان لە ناو چاکسازی گەوران لە سەربەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان سزادراون بریتین لە (٢٦٢) سزا دراو و ئەو ژمارە سزادراوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (١٨ تا ٣٤) وە گەنجن بریتین لە (٢١٢) سزادراوی گەنج.

### سێهەم/نموونەی توێژینەوەکە The research sample

لەبەر ئەوەی کە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا توێژەر لە زۆربەی کاتدا ناتوانێ هەموو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی وەربگرێت، بۆیە پەنا بۆ وەرگرتنی نموونەیەك لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەبات، کە ئەو نموونەش پێکهاتەیەکی هەڵبژێردراوە، لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات و دەتوانرێت ئەنجامەکەی گشتگیر بکرێت(احمد، ٢٠٠٧ :١٣٣).

جۆری نموونەی توێژینەوەکەش نموونە ناهەڕەمەکی مەبەستدار، قەبارەی نموونەی ئەم توێژینەوە (٦٥)سزادراو بووە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران سلێمانی وەرگیراون، کە لە(٣٠٪)سزادراوان بوون لە کوی(٢١٢)سزادراوکە تەمەنیان لە نێوان(١٨ تا ٣٤)ساڵە و کە گەنجن.

چوارەم/بوارەکانی توێژینەوەکە:-

١-بواری کاتی توێژینەوەکە:مەبەست لە بواری کاتی ئەو ماوەیەکە توێژەر دەستی کردووە بە ڕێکارە مەیدانییەکان، لە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان کە لە ڕێکەوتی (١٠-٦-٢٠٢٢ تاوەکو٢٥-٢-٢٠٢٣) ئەم کارانە ئەنجامدراون.

٢-بواری مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە لەسەر (٦٥) سزادراوە ، لە ڕەگەزی نێر لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی گەورانی سلێمانی لە پارێزگای سلیمانی ئەنجامدراوە.

٣-بواری شوێنی: ئەم توێژینەوەیە لە پارێزگای سلێمانی/شاری سلیمانی ، لە بەڕێوەبەرایەتیی چاکسازی گەوران سلێمانی،ناسراوە بە (معەسکەر سەلام) ئەنجامدراوە .

پێنجەم/کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:-

### ١-فۆرمی ڕاپرسی (Questionairy Form)

فۆرمی ڕاپرسی بە کاریگەرترین و باوترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێت بەتایبەت لە توێژینەوە ڕووپێوییەکاندا.بەو پێیەی زانیاری ڕێکخراوی لێ دەست دەکەوێت، یارمەتیدەرێکە بۆ دەستخستنی تەواوی زانیارییە گشتی و تایبەتییەکان لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا. لەم توێژینەوەدا (٦٥) فۆرمی ڕاپرسیمان دابەش کردووە، کە هەر یەك لەو فۆرمانە پێکهاتوون لە (٢٠) برگە لە (٥) پرسیاری گشتی و (١٥) پرسیاری تایبەتی پێکهاتوە، کە هەندێك لە پرسیارەکان لە جۆری داخراون، هەندێکیشیان لە جۆری کراوەن بەپێی وەڵامەکان.ئەمەش لە دوای ئەنجامدانی چەند ڕیکارێکی میتۆدی بۆ فۆرمەکە وەکو:-

١- ڕاستگۆی پێوەری توێژینەوەکە: ڕاستگۆیی بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ پێوەرەکەمان ئەو لایەنە پێوانە دەکات کە پێوەرەکەمان بۆ دروستکردووە(Maltby ، 2007-57) . توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەسەر (٨) پسپۆردا دابەشکردوە،کە پیکهاتوون لە کەسانی پسپۆر و تایبەتمەندی جیاواز لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی بە دەستهێنانی ڕاستییەتی برگەکان. تویژەران سەرجەم تێبینی و گۆرانگارییەکانی پسپۆرانان بەهەند وەرگرت و چاککردنی برگەکانان ئەنجامدا، دەرکەوت پلەی ڕاستگۆیی دەکاتە (٩٤٪).

٢- جێگیری پێوەری توێژینەوە: بریتییە لە هەڵسەنگاندنی سەرجەم ئەو برگەکانە کە بابەتی پیوانە دەکەن یان نا (Maltby، 577,2007) . توێژەران پشتیان بەستووە بە ڕێگای دووبارە ئەزموون، واتە دووجار یەک پێوانە جێبەجێ دەکرێت لە سەر یەک نموونە لە دووکاتی جیاواز، بە های وەڵامەکانیان دەکاتە(٠,٨٦)بە بەکارهینانی هاوکێشەی( پێرسون(Pearson- ئەمەش نیشانەی بوونی پەیوەندی بەهێزە لە نێوان یەکەم پرسیارنامە و دوا پرسیارنامەدا.

شەشەم/ئامرازە ئامارییەکان: توێژەران ئەم ئامرازە و یاسایانەیان بەکارهێناوە:١-ڕێژەی سەدی (٪)(Percentage ) ٢- ناوەندی ژمێری (Accounting Center) ٣- هاوکێشەی پێرسون((Pearson .

## بەشی چوارەم :خستنە ڕووی زانیارییە گشتییەکانی نموونەی توێژینەوە:

### باسی یەکەم :زانیاری گشتییەکان

**خشتەی ژمارە (١) تەمەنی نموونە توێژینەوەکە دەردەخات**

| تەمەن | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| ١٨-٢٢ | ٢٠ | ٪٣٠ .٧٦ |
| ٢٣-٢٦ | ١٨ | ٪٢٧. ٦٩ |
| ٢٧-٣٠ | ١٥ | ٪٢٣,٠٧ |
| ٣١-٣٤ | ١٢ | ٪١٨,٤٦ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە(١) دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٣٠ ٧٦.٪)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٨-٢٢) ساڵی گەورترین ڕێژەی سزادراوان کە تەمەنیان بچوکە و ڕێژەی (٦٩ ٢٧.٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٣-٢٦) ساڵەوە و ڕێژەی (٢٣,٠٧٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (٢٧-٣٠ )ساڵ و کەمترین ڕێژەی تەمەن دەکەوێتە نێوان(٣١-٣٤) کە دەکات١٨,٤٦)٪(هەروەها ناوەندی ژمێرەیی تەمەن برێتییە لە (٢٥,٥١ ) ساڵ، تەمەن یەکێکە لەو خەسڵەتە سروشتیانەی کە تاڕادەیەک زۆر کاریگەری هەیە لە سەر جۆری بیرکردنەوە وشێوازی هەڵسوکەوت ومامەڵەکردنی تاکەکانی نموونە ی توێژینەوەکە.

**خشتەی ژمارە (٢)شوێنی نیشتەجیبوونی نموونە توێژینەوەکە دەردەخات**

| شوێنی نیشتەجیبوون | دوبارەبوەکان | ڕێژەی٪ |
|---|---|---|
| ناو شار | ١٥ | ٪ ٢٣,٠٧ |
| قەزا | ٣٠ | ٪ ٤٦,١٥ |
| ناحیە | ٢٠ | ٪٣٠,٧٦ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

هەندیکجار شوێنی نیشتەجیبوون هۆکارێکە بۆ تووشبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا بە ماددە هۆشبەرەکان، لە خشتەی ژمارە(٢)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٤٦,١٥ ٪)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خەڵکی قەزا کانەن کە هاوسنور لە گەڵ وڵاتی ئیران و ڕێژەی (٣٠,٧٦٪)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خەڵکی ناحیە و گوندەکانن کە هاوسنورن لەگەڵ وڵاتی ئیران، ئەمە دەرخەری ئەویە شوێنی جۆگرافیای کارێگەری هەیە لەسەر بلاوبوونەوە مادە هۆشبەرەکان وە لەخشتەکەدا لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆکاری بلاو بونەوە مادە هۆشبەرکان بو کاریگەری هاوسنوربوون لە گەڵ وەڵاتی ئیران هوکار سەرەکییە. ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش نزیکن لە توێژینەوەکەی (محمد٢٠١٠ ، کەریم ٢٠٠٩).

**خشتەی ژمارە (٣)دیاری کردنی ئاستی خوێندواری نموونە توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندواری | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| پەیمانگا | ٢ | ٪٣.٠٧ |
| ئامادەیی | ١٠ | ٪١٥,٣٨ |
| ناوەندی | ١٢ | ٪ ١٨,٤٦ |
| سەرەتایی | ١٧ | ٪٢٦,١٥ |
| نوسین خویندنەوە | ١٨ | ٪٢٧,٦٩ |
| نەخوێندوار | ٦ | ٪٩,٢٣ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لەم خشتەیدا ئەگەری ئالودە بوون بوون بە ماددە هۆشبەرەکان لە هەموو ئاستێکی خوێندندا بەدی دەکرێت. زۆرترین ئاستی بەکارهێنان ئەوانەن کە ئاستی رۆشنبیری خوێندواری کەمە بە شیوەیەک کە ئەوانە دەخوێنێتەوە و دەنووسێت ڕێژەی (٢٧,٦٩٪)کە زۆرترین و کەمترین ئەوکەسانەن کە ئاستی رۆشنبیریان بەرزترە کە ڕێژەی کەیان(٣,٠٧٪)، سەرەتایی( ١٥,٢٦٪)، ناوەندی ( ٤٦,١٨٪)، ئامادەیی(١٥,٣٨٪)، نەخویندوار( ٩,٢٣٪)،بوو ئاستی خوێندەواری و روشنبیری کاریگەری باشی هەیە لە سەر گەنجان کە کەمتر پەنا ببەن بو ماددە هۆشبەرەکان بە جۆرێك تا ئاستی خوێندەواری بەرزتربێتەوە بەکارهێنان کەم دەبێتەوەئەم توێژینەوەی هاوشیوەی (صالح١٣٩٠، فریدە٢٠٠٩، محمد٢٠١٠)نزیکە.

**خشتەی ژمارە (٤)ئاستی بژیۆی نموونە توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

| ئاستی بژیۆی | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| زۆرباش | ٤ | ٪٦,١٥ |
| باش | ١٣ | ٪٢٠ |
| مام ناوەند | ١٧ | ٪٢٦,١٥ |
| خراپ | ١٩ | ٪٢٩,٢٣ |
| زۆرخراپ | ١٢ | ٪ ١٨,٤٦ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

ئاستی بژیۆی کاریگەری زۆری لە سەر ژیانی هەموو تاکێک هەیە بەو پێیەی کە هۆکاریکی سەرەکییە بو ئالودە بوونی مادە هۆشبەرەکان. لە خشتەی ژمارە (٤) دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٢٩,٢٣٪) ی سزادراوان نموونەی توێژینەوەکەئاستی بژیۆی خراپ و ڕێژەی (١٨,٤٦٪) ی زۆرخراپ ئەمەیش ئەوامان پیشان دەدات کە گەنج لەو تەمەندا ئاستی بژیوی زۆرخراپ و هیچ داهات کە نیە و ڕێژەی (٢٦,١٥٪) ی مام ناوەندە و ڕێژەی (٢٠٪) ی باش و ڕێژەی کەم ئاستی بژیۆیان زۆر باش کە ڕێژەی دەکات (٦,١٥٪).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**خشتەی ژمارە (٥) باری خێزانی نموونە توێژینەوەکە روون دەکاتەوە**

| باری خێزانی | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| خێزاندار | ١٧ | ٪٢٦,١٥ |
| سەڵت | ٣٨ | ٪٥٨,٤٦ |
| جیابووە | ١٠ | ٪١٥,٣٨ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٥) دا دەردەکەوێت کە (٥٨,٤٦٪) ی سزادراوان نموونەی توێژینەوەکە سەڵتن،چونکە ڕێژەی زۆری ئەندامان توێژینەوەکە تەمەنیان لە خوار (٢٢) ساڵیە وهەست بە بەرپرسیاریەتی لای ئەوان لاوازە و (٢٦,١٥٪) ی خێزانداران و ڕێژەی (١٥,٣٨٪) جیابووەن.

باسی دووەم:زانیاری تایبەت بە ماددە هۆشبەرەکانەوە

**خشتەی ژمارە (٦)تەمەنی ئالودەبوان کە بو یەکەمجار ماددە هۆشبەریان بە کارهێناوە**

| تەمەن | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| ١٥-١٨ | ٢٠ | ٪٣٠,٧٦ |
| ١٩-٢٢ | ٢٦ | ٪٤٠ |
| ٢٣-٢٦ | ١٣ | ٪٢٠ |
| ٢٧-٣٠ | ٦ | ٪٩,٢٣ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٦) دا دەردەکەوێت کە ناوەندە ژمێرەی تەمەن (٢٠,٨٠)ساڵیە کە تەمەنی سەرەتایی گەنجی کە لەم قۆناغ داگەنج لە ڕێگای هاوریانەوە فیری ماددە هۆشبەرەکان دەبن کە گەنجان زیاترین توێژن کە دەکەونە بەر مەترسی دەرمان و ماددە هۆشبەرەکان کە لەتەمەنی (١٨بۆ٢٤) ساڵیدان و لەم توێژینەوە دا (٤٠٪)ی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٩-٢٢) ساڵی کە گەورترین ڕێژەی سزادراوان کە بو یەکەمجار ماددەی هۆشبەر بەکارهێناوە و (٣٠,٧٦٪) تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (١٥-١٨) ساڵی ئەم تەمەنە واتە (١٨ )ساڵ کەمتر تەمەنی نەوجەوانەبە گۆیرەی ماددەی (٢٥) لە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی( ١٩٨٣) ئەم تەمەنە بە منداڵ ئەژمار دەکرێت بە گۆێرەی بەندی (١)ی لە مافەکان منداڵ کە ئەمەش لە سەر جەستە و دەروونی تاک و لایەنی کۆمەلایەتی بە جێدەهلێت کە زەنگیکی مەترسیدار بو داهاتووی وڵات نەمانی هێزی کار و پارێزەری وڵات ، کەهاوشێوەی توێژینەوەکە (صالح ١٣٩٠)دا دەردەکەویت.

خشتەی ژمارە (٧) جۆری مادده هۆشبەر بۆ یەکەمجار بەکارهێناوەروون دەکاتەوە

| جۆری مادە هۆشبەر | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| مادده هۆشبەرە سروشتیەکان | ١٨ | ٪ ٢٧,٦٩ |
| مادده هۆشبەر نیمچە سروشتی | ١٥ | ٪٢٣,٠٧ |
| ماددەی دەستکردەکان یان کیمیایی | ٣٢ | ٪٤٩,٢٣ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

جۆری ماددەی بەکارهێنراو بۆ یەکەمجار لە خشتەی ژمارە (٧)دەردەکەوێت کە ( ٤٩,٢٣٪)ی تەنیا ماددەی دەستکردی جۆری (کریستاڵ، ترامادۆڵ، سۆمەدرین،شیشە، میتادۆن و شروبی هۆشبەر) بەکار هێنراوە و (٢٧,٦٩٪) ئەندامانی نموونەی توێژینەوە کە تەنیا ماددەی سروشتی جۆری (تریاك، ئەفیون، حەشییان) بەکاردەهێناوە، (٢٣,٠٧٪) تەنیا ماددەی نیمچە سروشتی جۆری (مۆرفین، کۆکایین، هێرۆین) بەکارهێناوە.

**خشتەی ژمارە (٨) تایبەتە بە جورە مادە هۆشبەرلە کاتی دەستگیرکردندا**

| جۆری مادده هۆشبەر | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| کریستاڵ | ١٣ | ٪٢٠ |
| تریاک | ١٠ | ٪١٥,٣٨ |
| شیشە | ١٥ | ٪٢٣,٠٧ |
| هێروێن | ٧ | ٪١٠,٧٦ |
| حشیش | ٨ | ٪١٢,٣٠ |
| میتادۆن | ٣ | ٪٤,٦١ |
| ترامادۆڵ | ٥ | ٪٧,٦٩ |
| مورفین | ٤ | ٪٦,١٥ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٨) بۆمان روون دەبێتەوە کە زورترین بەکارهێنەری مادە هۆشبەرکان جۆری ماددەی کیمیایی یان دەستکرد یان بەکارهێناوە کە رێژەی(٢٣,٠٧٪) ی شیشە و (٢٠٪)کریستاڵ بەکاردەهێنن و دوای ئەوانیش مادە سروشتیەکان دێن کە رێژەیان (٣٨,١٥٪) ی تریاک بوو و (٣٠,١٢٪)حشیش دێت و دوای ئەوانیش مادده نیمچە سروشتیەکان دێت بە رێژەی جیاواز ئەمەش بە هۆی هاوسنوری لەگەڵ وڵاتی ئیران کە جۆری مادده سروشتی و کیمیایی تیدا زۆرە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**خشتەی ژمارە (٩)پێشینەی بەکارهێنانی māddە هۆشبەرەکان لە خێزان دا روون دەکاتەوە**

| پێشینە | دوبارەبوەکان | رێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٩ | ٪١٣,٨٤ |
| نەخێر | ٥٦ | ٪٨٦,١٥ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (٩) بۆمان روون دەبێتەوەکە (٪٨٦,١٥) پێشینەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە خێزانەدا زۆر کەمە ئەمە دەرخەرئەوەیە ئەوکەسانە کە فێری مادە هۆشبەر بوون لە رێگای کە سانی ترو فێربوون و پیشنەی مادە هۆشبەر لە ناو خێزانی کوردیدا زۆر کەم بە هۆی داب و نەریت کوردواری هیشتا لە خێزانی کوریدا ماوە کە لەبە ر چاوەی منداڵ کانیان مادە هۆشبەر بەکارناهێنن وە (٪١٣,٨٤) لە رێگای خێزان فێری مادە هۆشبەرەکان بوون.

**خشتەی ژمارە (١٠) بەکارهێنانی مادده هۆشبەر بۆیەکەمجار لە گەڵ کێدا بوو**

| بەکارهێنان | دوبارەبوەکان | رێژەی ٪ |
|---|---|---|
| هاورێ | ٥٤ | ٪٨٣,٠٧ |
| دایک | ١ | ٪١,٥٣ |
| باوک | ٣ | ٪٤,٦١ |
| برا | ٤ | ٪٦,١٥ |
| بەتەنها | ٣ | ٪٤,٦١ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٠) دا بۆمان روون دەبێتەوە کە ( ٪٨٣,٠٧ ) لە رێگای هاورێیانەوە فێر بوون، هاورێیەتی لە قۆناغی گەنجی دا زۆر گرنگە وکاریگەری ئەرینی و نەرێنیان لەسەر یەکتر دەبێت، زۆر لە زانایانی تاوانناسی جەختیان لەسەر هاورێیەتی کردووتەوە سەبارەت بە رەفتاری تاوانکاری، کە گەنج زۆر حەزیان بە لاساییکردنەوە وەرگرتنی رەفتاری بەرامبەر و جاری وایش هەیە لاساییکردنەوە لە خێزانەوە فێر دەبێت کە ئەویش بە رێژەی (٪١٧)ی نموونەکە پێک دەهێنیت.

پشتگوی خستن ئالودەبوو لە لایەن خێزانەوە روون دەکاتەوە ( ١١) خشتەی ژمارە

| پشتگوی خستن لە لایەن خێزانەوە | دوبارەبوەکان | رێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٢٩ | ٪٤٤,٦١ |
| نەخێر | ٢٢ | ٪٢٣,٨٤ |
| تارادەیەک | ١٤ | ٪٢١,٥٣ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١١) دابۆمان روون دەبێتەوە کە (٪٤٤,٦١)بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر بووەتە هۆکاری پشتگوێخستنی تاك لە چوارچێوەی خێزاندا، ئەمەش بەهۆی کاریگەریی خراپی ئەو ماددەیە لە رووی یاسایی و تەندروستی و دەروونی لەسەر کەسایەتی و رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تاك بەتایبەت لەکاتی بەکارهێناندا،کە ئەمەیش کاریگەری خراپ لە سەر گەنج بە جێ دە هێڵێت وخێزان بەرپرسە لە پێکهێنانی کەسێتی گەنج و ئەو خێزانەی کە نەتوانێت مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ گەنجدا بکات و ئازادییەکانی گەنج سنووردار بکات، وەك منداڵ مامەڵە لەگەڵ گەنجدا بکات، ئەوا گەنج توشی دڵەراوکێ (قلق) ولەدەستدانی متمانە بەخۆی و بە خێزانەکە دەبێت.

زیان بەرکەوتن لەلایەن خێزانەوە روون دەکاتەوە( ١٢) خشتەی ژمارە

| زیان بەرکەوتن لەلایەن خێزانەوە | دوبارەبوەکان | رێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٢٣ | ٪٣٥,٣٨ |
| نەخێر | ٢٢ | ٪٣٣,٨٤ |
| تارادەیەک | ٢٠ | ٪٣٠,٧٦ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٢) دا بۆمان روون دەبێتەوە ( ٣٥,٣٨ ٪) زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان بە ئەندازەکە زۆرن کە لە رووی ئابورییەوە تاك خێزان کە دەخاتە ژێرباریکی قورسی ئابوری وە نەمانی هێزی کار لەماڵەوە کە پشت بە منداڵی خۆیان بەبستن و هەبوونی شەر و ئاژاوە و نەمانی متمانە لە نێوان ئەندامانی خێزان و (٪٣٠,٧٦) تارادەیک کاریگەری هەبوو و لە (٪٣٣,٨٤) زیانبەرنەکەوتوولە لایەن خێزانەکەیانەوە .

ئالودە بووی مادە هۆشبەر لەناو هاورێیان روون دەکاتەوە

| ئالودە بووی مادە هۆشبەر لەناو هاورێیان | دوبارەبوەکان | رێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٥٥ | ٪٨٤,٦١ |
| نەخێر | ١٠ | ٪١٥,٣٨ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٣) دا بۆمان روون دەبیتەوە کە ئالودە بوون بە مادە هۆشبەر لەناو هاورێیان بە رێژەی (٪٨٤,٦١) زۆرە،ئەمەیش بۆگروپ هاوتەمەنەکان دەگەرێتەوە کە لەگەڵ ئەوەی منداڵان دەگەنە تەمەنی هەرزکاری و گەنجی ، ئیتر کاریگەری خێزان لە سەریان کەم دەبێتەوە و زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و گەرەگی نیشتەجێ بوونیان و گروپی هاوتەمەنەکانیان کە پەیوەندیی بەهێزیان


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

هەیە لە ناو خۆدا و لەوەوە تووشی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرکان دەبن .

**تێکچوون پەیوەندی لە نیو هاورێیان( ١٤) خشتەی ژمارە**

| تێکچوون پەیوەندی | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٣٥ | ٪ ٥٣,٨٤ |
| نەخێر | ٣٠ | ٪٤٦,١٥ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٤) دابۆمان روون دەبێتەوە کە (٥٣,٨٤٪)ی پێیان وایە کە پەیوەندیان لە نیو هاوریياندا تێکچوو و کێشەی کۆمەڵایەتی بۆ دروست کردوون ئەویش دەبێت هۆی دورکەوتنەوە لە خەڵک و کۆمەڵگە ، ئەم حاڵەتەش کەسی ئالودەبوو بەرەوە گۆشەگیری و خەمۆکی و کێشەی دەروونی دەکاتەوە کە زۆر جار کۆتایی بە ژیان خۆی دە هێنیت و(٤٦,١٥٪ ) ئالودە بوون کاریگەری نەبوو لە سەر پەیوەندی کانیان و بە شیوەی کە ئاسایی پەیوەندیەکانیان بەردوام بوو.

**لە دەستدانی هیوا و ئاواتەکانیان نموونە توێژینەوەکە روون دەکاتەوە( ١٥) خشتەی ژمارە**

| لە دەستدانی هیوا و ئاواتەکان | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٤٣ | ٪٦٦,١٥ |
| نەخێر | ٢٢ | ٪٣٣,٨٤ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٥) دا بۆمان روون دەبێتەوە، کە (٦٦,١٥٪)ی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرکانەوە هیواو و ئاواتەکانیان لە دەست داوە و لە ئەنجامدا بونەتە مرۆڤی ڕەشبین و بێ ئامانج، ئەمەش تاکی بەکارهێنەر دەباتە دۆخێکی تایبەت و مەترسیدارەوە، ڕەنگە پەنا بۆ ئەنجامدانی تاوان یان خۆ کوشتن ببات،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماوەی بەکارهێنان چەند زیاتر بێت تاك زیاتر تووشی لە دەستدان هیواو ئاواتەکانی دەبێت، چونکە بەکارهێنەر گۆشەگیر دەبێت و ئارەزووی ژیانی نامێنێت.

**تووشبوون بە کێشەی دەروونیەوە بەکارهێنەروە روون دەکاتەوە ( ١٦) خشتەی ژمارە**

| تووشبوون بە کێشەی دەروونیەوە | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٥٧ | ٪٨٧,٦٩ |
| نەخێر | ٨ | ٪١٢,٣٠ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە (١٦) دابۆمان روون دەبێتەوە کە رێژەی (٨٧,٦٩٪ )ی نموونەی توێژینەوەکە تووشی کێشەی دەروونی بوون،گەنجی ئالودەبووە بە مادەهۆشبەرەکان هەرلە سەرەتایی ژیانیدا تووشی چەندین کیشەی دەروونی و کەسی دەبێتەوە وەکو تێکچوونی یەکسانی

و هاوسەنگیی دەروونی نەمانی هەستی بەرپرسیاریێتی گرنگی نەدان بە بەها وبنەما ئەخلاق و کۆمەلایەتییەکان و لاوازی ئیرادەی و لە دەستدانی هێزی بریاردان و جێبەجیەکردنی و خۆبەکەم زانیین و متمانەنەبوون بەخۆ وگۆشەگیری و تەنیایی و بێزار بوون لە خزم و کەس و نەمانی سۆز و خۆشەویستی.

**کێشەی بێ خەووی لای نموونە توێژینەوەکە روون دەکاتەوە ( ١٧) خشتەی ژمارە**

| ڕێژەی ٪ | دوبارەبوەکان | کێشەی بێ خەووی |
|---|---|---|
| ٪٦٩,٦٧ | ٤٤ | بەڵێ |
| ٪٣٢/٣٠ | ٢١ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٦٥ | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە (١٧) دابۆمان روون دەبێتەوە کە گەنجی ئالودە بوو بە ماددەی هۆشبەرەکانەوە تووشی چەندین کێشە دەبێت وەک کیشەی بێ خەووی کە یەکێک لەو کێشانەی کە زۆربەی ئەندامانی نموونەکە بە دەستیەوە دەناڵێن کە ڕیژەی (٪٦٩,٦٧) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێییان وایە کە خەویان کەم بووتەوە و تووشی سەرئیش و کێشەی دەروونی کردونەتەوە.

**ڕوبەڕرو بوونەوە توشبوون ئازاری جەستەی لە لایەن خێزانەوە ڕوون دەکاتەوە ( ١٨) خشتەی ژمارە**

| ڕێژەی ٪ | دوبارەبوەکان | ئازاری جەستەی |
|---|---|---|
| ٪٢٠ | ١٣ | بەڵێ |
| ٪٨٠ | ٥٢ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٦٥ | کۆی گشتی |

لە خشتەی ژمارە ( ١٨) کەدا ڕێژەی ( ٪٨٠)ی ئەندامانی نموونەکە لە لایەن خیزانە کەنیانەوە روبەرووی ئازاری جەستەی نەبونەتەوە ئەمەش بوو ئەو دەگەرێتەوە کە خێزان کورد بە هۆی ئەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە بە یەکەوە هەیەتی تاک تووشی ئازاری جەستەی ناکاتەوە و تەنها (٪٢٠)نموونەی توێژینەوەکە لە لایەن خێزانەکانیانەو تووشی ئازاری جەستەیی بوونەتەوە .


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

**خشتەی ژمارە (١٩) جۆری کارێگەری جەستەییەکان روون دەکاتەوە**

| کارێگەری جەستەیی | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| ئازارپیشت | ١٣ | ٪٢٠ |
| ئازاری گورچیلە | ٣ | ٪٤/٦١ |
| تێکچوونی روخسا ر | ٦ | ٪٩,٢٣ |
| بی هێزی (لاواز بوون) | ٦ | ٪٩,٢٣ |
| سەر ئیش | ١٣ | ٪٢٠ |
| نەمانی ددان | ٦ | ٪٩,٢٣ |
| قژ هەڵوەرین | ٧ | ٪١٠,٧٦ |
| ئازار قاچ | ١١ | ٪ ١٦,٩٢ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە ( ١٩) دابۆمان روون دەبێتەوە کە ئەم ماددانە بە شێوازو ئاستی جۆراو جۆر مرۆڤ توشی زیانی تەندروستی دەکەن، ئەمەش لە کەسێکەوە بۆکەسێك و لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێك جیاوازی هەیە و دەکەوێتە سەر جۆری ئەو ماددەیەی بەکارهاتووەو شێوازی بەکارهێنانەکەی و دۆزی بەکارهێنراو ماوەی بەکارهێنان و شێوازی دەستکەوتنی ئەو ماددانە و کەسی ئالودەبوو بە مادە هۆشبەرەکان وا لە مرۆڤ دەکات رۆژ بە رۆژ لاوازتربێت و تووشی چەندین کێشە بکاتەوە کە زۆربەی ئەندامانی نموونە توێژینەوەکە تووشی زیانی تەندرووستی بوون.

**قەرزاربوون بە هۆی ئالودەبوونەوە ( ٢٠) خشتەی ژمارە**

| قەرز کردن | دوبارەبوەکان | ڕێژەی ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٣٦ | ٪٥٥,٣٨ |
| نەخێر | ٢٩ | ٪٤٤,٦١ |
| کۆی گشتی | ٦٥ | ٪١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە ( ٢٠) دابۆمان روون دەبێتەوە کە ڕێژەی (٥٥,٣٨٪) ی کە بەشێکی دیار لە نموونەی توێژینەوە بەرێژەیەکی بەرز، بۆ دابینکردنی ماددەی هۆشبەر ڕوویان لە قەرزکردن کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ناهاوسەنگی لە داهاتی دارایی خێزاندا، لە ئەنجامدا قەرزکردن شوێنەواری داروخانی ئابووری خێزان بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە زیاتر ئەوانەی پەنا بۆ قەرز دەبەن ئەوانەن کە ئاستی ئابووریان خراپ یان زۆر خراپ بووە، ئەمەش هۆکار بۆ پێویستبوونی داهاتێکی زۆر بۆ دابینکردنی مادده هۆشبەرەکان زۆربەی بەکارهێنەران بۆ دابینکردنی پارە بۆکڕینی ماددەی هۆشبەر پەنایان بۆ قەرزکردن بردووە کە ئەمەش هاوشێوەی توێژینەوەی (فریدە،٢٠٠٩)یە.

## بەشی پێنجەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### یەکەم: دەرئەنجام:

به پێی ئامانج كانی توێژینەوەكە شێكردنەوە بو دەرئەنجامەكان دەكەین.

١- كاریگەری ئاسەواره خراپەكانی ماددەی هۆشبەركان زیاتر له سەر خێزان بوو كه ڕێژەی (٦٧٪) ئەم توێژینەوەی زیانەكانی مادده هۆشبەرەكان كاریگەری هەبووبه جوریك كه خێزان دەخات ژێربارکەی قورسی ئابوری و نەمانی هێزی كار و نەمانی متمانە له نێوان ئەندامانی خێزان.

٢- بەكارهێنانی بەردەوام بۆ ماددەی هۆشبەر بەتایبەت مادده دەستكردەكان بووەتە هۆی نەمانی هیوا و ئاوات و تێكشكاندنی ئیرادە له لای بەكارهێنەر و توشی چەندین نەخۆشی و گرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی و جیابوونەوە و كێشه خێزانییەكان بوونەتەوە

٣- ڕێژەی بەكارهێنەرانی مادده هۆشبەركان له پارێزگای سلێمانی ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بووندەكات، كه زورترین بەكارهێنانی ماده هۆشبەر له ناوگەنجاندایە ،جۆری ماددەی كیمیایی یان دەستكردو ڕێژەی(٢٣/٠٧٪) ی شیشه و ڕێژەی(٢٠٪)كریستاڵ بەكاردەهێنن و دوای ئەوانیش ماده سروشتیەكان دێن كه ڕێژەی(١٥,٣٨٪) ی ترياك ورێژەی(١٢,٣٠٪)حشیش دێت و دوای ئەوانیش مادده نیمچه سروشتیەكان دێت.

٤- ئەم توێژینەوە دەرخستوو كه هاورێ خراپ كاریگەری هەبوو بو فیربوون بە مادده هۆشبەرەكان كه ڕێژەی ( ٨٣,٠٧٪ ) له ژێر كارێگەری هاورێ خراپ دابووە.

٥-ژینگەی ناوچەكە وشوێنی جوگرافیایی كاریگەری گەورە هەیە لە سەر بەكارهێنانی مادەهۆشبەرەكان لای گەنجان بە جۆرێک زۆربەی ئەندامانی نموونەكە لە ناحیە و قەزاكاندان كە هاوسنورن لە گەڵ وڵاتی ئیران .

### دووەم: پێشنیاز

١-بو وەزارەتی تەندروستی دامەزراندنی كلینیكی ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەكان و تەرخانكردنی پارە بۆ كارمەندی ڕاهێنراو بۆ یارمەتیدانی ئالوودەبووانی مادده هۆشبەرەكان.

٢- بو وەزارەتی كاروباری كۆمەلایەتی ڕەخساندنی زۆرترین هەلی كار بۆ گەنجان

٣-بو وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بڵاوكردنەوەی زانیاری میدیایی گشتگیرو هۆشیاریكردنەوەی گەنجان و هەرزەكاران سەبارەت بە مادده هۆشبەرەكان بە جۆرێك كە بەرنامەیەكی نووسراو و تایبەت هەبێت بو پەیوەندی لەگەڵ پەخش كردنی فیلم و زنجیره دراماكان كه تیایدا كارەكتەرە بەناوبانگەكان گیرۆدەی مادده هۆشبەرەكان یان كحولیەكانن.

٤-وەزارەتی ناوخۆ بەركار كردنی یاسایەک بۆ قەدەغەكردنی كڕین و فرۆشتن و خواردنەوەی مادده كحولیەكان بۆ ئەوكەسانەی كە تەمەنیان لە خوار( ١٨)ساڵەوەیە.

### سەرەچاوەكان

#### یەكەم :سەرەچاوە كوردیەكان


١-بەدری، مەهدی،٢٠٠٧، ماددەهۆشبەرەكان وبلاو بوونەوەی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا،دەزگای موكریانی،هەولێر.

٢- تەڵعەت،رابەر،٢٠٠٦،گەنج و بەشداری سیاسی،چاپی یەكەم،دەزگای موكریان،چاپخانەی وەزارەتی پەروردە،هەولێر.

٣- تەها، شەهاب فتاح ،٢٠١٨،كاڵبوونەوەی ئینتیمای نیشتیمانی ورەهەندەكانی چارەسەری، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،هەولێر

٤-حسن،ئەفرام محمد،٢٠٠٩، نەخۆشیە دەرونییەكان،چاپ دووەم،چاپخانەی ئاوینە،هەولێر.

٥- حسن،ئەفرام محمد ٢٠١٢ ،دەروازەیەك بۆ نەخۆشییە دەرونی و هۆشمەندییەكان،چاپ سێیەم،چاپخانەی چوارچرا ،هەولێر.

٦- خاڵ، شێخ محمدی ،١٣٦٧ ، فەرهەنگی خاڵ ،بەرگی یەكەم ،چاپ فردوسی ،كتابفروشی محمدی سقز، ایران

٧- زێباری، تاهیر حسۆ،٢٠١٨، ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسیدا، و.شەهلا وەلی ، نوسینگەی تەفسیر، هەولیر.

٨- سعید، شاهۆ ,٢٠٠٤ ، کۆمەڵگای گەنج، کۆمەڵگای پیر: دەربارەی سۆسیۆلۆجیای تەمەن و دەرکەوتەکانی لە کۆمەڵگای کوردی دا، گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە (١٦-١٧، چاپخانەی ڕەنج، سلیمانی،

٩-سیوەلی،لوقمان، ٢٠١١، سێبەر تلیاك ، چاپخانەی بینایی ، سلیمانی

١٠-عبدالرحیم، ئارام ، ٢٠٢٠، گەنج لە کۆمەڵگای کوردیدا، چاپخانەی نما، تاران.

١١-محەمەد،فائیز ئیبراهیم،٢٠٠٧،خووپێوەگرتن بە مادده هۆشبەرەکان ،چاپخانەی خانی، هەولێر، سلیمانی، هەرێمی کوردستان ،عراق

١٢-مورتەزوی،علی،٢٠٠٧،قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان و یاسای نێونەتەوەیی،و. ب.مانی،بنکەی توێژینەوە، هەولێر ،

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان**

١٣-الحمدان، عايد علي، ٢٠٠٧،أثر الحروب في انتشار المخدرات،جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، الرياض،السعوديه

١٤- الدمرداش، عادل ،١٩٨٢، الادمان مظاهره و علاجه,المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الاداب,الكويت

١٥- دويدري، رجاء وحيد، ٢٠٠٠، البحث العلمي: اساسياته النظري وممارساته العلمية، ، دار الفكر، ديمشق،سوريه.

١٦- السماك،محمد ازهر واخرون،١٩٨٦،اصول البحث العلمى،مدرية دار الكتب للطباعة والنشر،جامعة الموصل، العراق.

١٧- سميره أحمد،٢٠٠٧، مصطلحات علم الإجتماع، دار الثقافة، السعودية.

١٨- صوان ،فرج محمد٢٠١٧ .البحث العلمى – المفاهيم الافكار ،الطريق والعمليات، ، ابن نديم للنشر و التوزيع ،اردن.

١٩- المهندى، خالد حمد, ٢٠١٣ ، المخدرات النفسيه وجتماعيه واقتصاديه فى دول مجلس التعاون لدول الخليج العربيه. مركز المعلومات الجنائيه لمكافحه المخد ارت لمجلس التعاون لدول الخليج العربيه، الدوحه –قطر.

**سێیەم: نامەی ماستەر و دوکتوراکان**

٢٠- صالح، محمد، ١٣٩٠، بررسی علل گرایش جوانان به مصرف مواد مخدر در شهرستان بهشهر، فصلنامه روانشناسی تربیتی ، دانشگاه ازاده اسلامی واحد تنکابن ، سال دوم ، شماره چهارم ، زمستان ، تهران

٢١- فريدة، قماز ،٢٠٠٩، عوامل الخطر والوقاية من تعاطي الشباب للمخدرات، رسالة ماجستر(منشوره)،جامعة منتوري قسنطينة، كلية العلوم الإنسانية والعلوم الإجتماعية ، قسم علم النفس ، الجزائر

٢٢-کریم ،لقمان صالح، ٢٠٠٩ ، هۆکارو جێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی خراپ بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە پارێزگای سلێمانی، ماستەرنامە (بلاونەکراوەتەوە) بەشی کۆمەلناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ،زانکۆی سلیمانی.

٢٣- محمد ، فائز ابراهیم ،٢٠١٠، هۆکارە کۆمەڵایەتییەدەروونییەکانی تووشبوون بە مادده هۆشبەرەکان " لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانییە لە سەر خووگرتووەکانی بەندکراو لە شاری هەولێر، ماستەرنامە (بلاوکراوەتەوە)بەشی کۆمەلناسی، کۆلیژی ئاداب. زانکۆی سەڵاحەدین.

**سەرچاوە فارسیەکان**

٢٤-احمدی ، سید احمد ،١٣٨٣، روانشناسی نوجوانان و جوانان، چ ١١، انتشارات مشعل، اصفهان،ایران

٢٥-اخترمحقق، مهدی١٣٨٥، جامعه شناسی اعتیاد، چاپ اول، نشر مولف، تهران،ایران

٢٦-اشتياني،الهام(١٣٨٣) جامعةشناسی اعتیاد در ایران امروز،چاپ اول، نشر مهاجر،تهران، ایران

٢٧-امیری ،محمدمهدی(١٣٨٩) اعتیاد سبب شناسی ،پیشگیری و درمان، انتشارات کلارا ، تهران،ایران

٢٨-دانش، تاج زمان ، ١٣٨٤، مجرم كيست؟ جرم شناسی چيست؟ چاپ دەهەم ، انتشارات كيهان،تهران، ايران

٢٩-ربانی، رسول ،١٣٨٣، جامعه شناسی جوانان،انتشارات اوای نور، چاپ دوم، تهران،ايران

٣٠-شفرز،برنهارد، ١٣٩٠، مبانی جامعەشناسی جوانان، ترجمه كرامت الله راسخ، نشرنی،چاپ هفتم،تهران،ايران

٣١- فرجاد، محمدحسين (١٣٧٥)، آسيب شناسي اجتماعي و جامعه شناسي انحرافات، چاپ هفتم، ايران.

٣٢- گريدانوس،دونالد.ای(١٣٩٣) مراقبت از نوجوانان،ترجمه،ثوريا صرامی، بزرگمهر، چاپ چوارم، انتشارات رشد،تهران،ايران.

٣٣-محسنی،رضا،١٣٦٨،اعتيادجوانان، فرايندها و راهكارهای پيشگيری، نشريەی فرهيختگان، شمارەی ٤٧،ايران

**سەرچاوە ئينگليزيەكان**

34-Maltby, personaliy, john(2007) Liz Day and Macaskill,individual differences and intelligence , England:Pearson Prentice Hall,academic journals.،On kapsabet municipality

35- Report of the International Narcotics Control Board for ،2021 ، UNITED NATIONS "INCB" New York

36-Saunders, Mark, Lewis, Philip (2007)Adrian and Thorn hill Research methods for business students (4 Ed) Pearson Education Limited.:Edinburgh Gate, Harlow

**پێنجەم: سايت الكترونی**

٣٧- ياسای وەزارتی وەرزش ولاوان www.kurdistan-parliament.org// ساڵی 2011- 15\9\2020

٣٨- ياسای بەرنگار بوونەوەی مادده هۆشبەر وكارتێكارە عەقڵييەكان،www.kurdistan-parliament.org ساڵی 2020- 11\6\2021

٣٩-لوقائع العراقية، العدد، ٤٤٤٦، ٨-٥-٢٠١٧، ص: ١

40-(2019، estanews) 7\12\2020


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360